# جۆرەكانى شەریك بۆ خوا دانان وعەترسیەكانى

ئامادەكردنى: هەتاو نورى
زانكۆى سلێمانى

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أَمَّا بَعْدُ ...

شەریك بۆ خوادانان گەورەترین زوڵم و ستەم و ناحەقییە كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە پەروەردگاری. وەك پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ۝١٣﴾ [لقمان: ١٣].

واتە: بەڕاستی شەریك و هاوبەش دانان بۆ خودا گەورەترین ستەم و ناحەقییە كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە پەروەردگاری .

چونكە هەروەك چۆن خوا پەرستی بریتییە لەوپەڕی ڕێزگرتن و بەگەورەگرتنی خودا، بەهەمان شێوەش هاوبەش پەرستیش ئەوپەڕی بێ ڕێزی و سپڵەییە بەرامبەر بەخوداو سیفەتە پەسەند و ناوەجوانەكانی .

وە پێغەمبەر ﷺ كاتێك كە پرسیاری لێ كرا سەبارەت بە گەورەترین و ناقوڵاترین تاوان و خراپە فەرموویەتی: گەورەترین تاوان بریتییە لە ( **أن تجعل لله نِدّاً وهو خلقك** ) البخاري: ٤٤٧٧

واتە: گەورەترین تاوان بریتیە لەوەی كە كەسێكی تر لەگەڵ خودا بپەرستی، لەكاتێكدا تەنها خودا دروستی كردووی.

مەترسی هاوبەشپەرستی لەوەدا دەردەكەوێت سەرجەم كردەوە چاكەكانیش كە بۆ خودا كراوە هەمووی پوچەڵ دەبێتەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتی هیچیانی دەست ناكەوێت و مایە پوچ دەردەچێت، چونكە هەروەك چۆن ئاگر

پووش دەسوتێنێ، بەهەمان شێوەش شیرك و هاوبەشپەرستی كردەوەی چاك دەوەرێنێ .

هەروەك خودا دەفەرمووێ:

﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ [الزمر: ٦٥ ] .

﴿وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾ [الأنعام: ٨٨] .

نەك هەر ئەوەندە بەڵكو بە هیچ شێوەیەك لێبوردن و عەفوو لێخۆش بوونی خودا شمولی ئەو كەسە ناكات كە شەریكی بۆ خودا دانابێ و پێش مردنی تەوبەی لێ نەكردبێ و پێوەی مردبێ .

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾ [النساء: ٤٨]

واتە: پەروەردگار لە گوناهێك خۆش نابێ كە بریتی بێ لە شەریك بۆ دانانی، بەڵام بە گوێرەی ویستی خۆی خۆش دەبێت لە هەر گوناهێكی تر جگە لە شیرك .

وە هەركەسێ شەریك بۆ خوا دابنێ ئەوە گوناهو بوهتان و درۆیەكی گەورەی كردووە، چونكە خوا شەریكی نییە لەڕاستیدا.

لەوەوە دەردەكەوێت كە شەریك بۆ خودانان گەورەترە لە كوشتنی بەناهەق و زیناو دزی و هەموو تاوانە گەورەكانی تر .

جا تاوانێك ئەوەندە گەورەو ناقوڵابێ، وە ئەوەندە ناپەسەندو قێزەون بێ، كە زیناو دزی و ئارەق خواردنەوەی لە ئاستدا نزم بێ، شیاوی ئەوەیە كە هەركەسێك ئەنجامی بدات و لێی نزیك بێ، بەهەشتی پڕنازو نیعمەتی لەسەر حەرام بێ وجێگاو ماڵ و شوێنی هەتاهەتایی و هەمیشەیی دۆزەخی پڕ ژان و شین بێ . هەروەك خوای زاناو كاربەجێ دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾ ﴾ [المائدة: ٧٢ ] .

واتە: هەركەسێك شەریك بۆ خودا دابنێت ئەوە پەروەردگار بەهەشتی لێ حەرام كردووە و، شوێنی هەمیشەیی دۆزەخە و، وە هیچ پشتیوانێكیان نییە ڕزگاریان بكات لەم حاڵە .

<u>جا لەوەوە دەردەكەوێت:</u> هەروەك چۆن خواپەرستی ڕێزوحورمەت دانە بۆ ئینسان، بە هەمان شێوە شەریك بۆ خودا دانانیش

بێ ئەدەبی وگێلیەتی وبێ حورمەتی کردن و سوکایەتی کردنە بە ئینسان، چونکە خواپەرستی بەندەکان ڕزگار دەکات لە پەرستن و بەندایەتی کردنی بەندەکان بۆ پەرستن و بەندایەتی کردنی خوای بەندەکان، بەڵام هاوبەشپەرستی بەندەکان لەپەرستنی خوداوە پەلکێش دەکەن بۆ پەرستنی بەندەکان، هەربۆیە هاوبەشپەرستی والە ئینسان دەکات کە غەیری خودا لە دڵیدا خۆشەویست بێ، وە ئەو خۆشویستنەش وای لێ دەکات کەملکەچی بێ ، جا هەرکات ئینسان خۆشەویستی و ملکەچی بۆ غەیری خودا دەربڕی، ئەوا ناچار دەبێ کە گوێڕایەڵی خۆشەویستەکەی بێ و ئەوەی ئەو بەباش دابنێ دەبێ جێبەجێی بکات و ئەوەی ئەو بە خراپی دابنێ دەبێ وازی لێ بهێنێ، جا هەرکات ئینسان لە هەڵس و کەوتەکانی ژیانی دا بەوشێوەیە پابەند بوو بە حەزوو داخوازی کەسێکی ترەوە جگە لە خودا، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە جێگای ترس و ئومێدی، بۆیە ناچار بۆ دەست کەوتنی خێروخۆشی و لادانانی زیان و ناخۆشیش پەنا بۆ خۆشەویستەکەی خۆی بەرێ و داوای کۆمەکی لەو بکات وپشت بە ئەو ببەستێ. ئا بەم جۆرە خۆی بچوك وسوك و ڕیسوا دەکات و لەبەردەستی مرۆڤێکی وەکو خۆی دا چۆك دادەدات .

ئەو **هاوبەش بۆ خوا دانانەش** کە زۆر مەترسیدارە و بڵاوە لەناو کۆمەڵگەی موسڵمانان دا و زۆر کەسی بەرەو ئەو مەترسیانە پەلکێش کردووە، بریتیە لە شەریك بۆ خوا دانان لە پەرستن دا .

جا لەبەر ئەوە هەر لە یەکەمین پێغەمبەرەوە کە(نوح)بوو ﷺ تا دواهەمین پێغەمبەر کە(محمد)بوو ﷺ خوای گەورە تەنها بۆ ئەوە ناردنی کە خەڵکی بانگ بکەن بۆ خواپەرستی و دوریان بکەنەوە لە هاوبەشپەرستی.

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾ (النحل: ٣٦).

واتە: بەجەخت لەسەرکراوییەوە بۆ هەموو نەتەوەو میللەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە تاوەکو بانگی خەڵکی بکەن بۆ بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگارو خۆیان بەدور بگرن لەتاغوت پەرستی و هاوبەشپەرستی و توخنی نەکەون.

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ [الأنبياء: ٢٥].

واتە: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، سـەرجەم پێغەمبــەرانی پــێش تــۆ کــەناردوومانن و کتێبمان بۆ دابەزانـدوون، بنـچینەو بناغـەی بانگەوازەکەیان ئـەوە بـووە بـانگی خـەڵکی بکەن بـۆ بەندایـەتی کردنـی زاتـی (الله) کـە تەنها ئەو بپەرستن، وە تـاوەکو بـۆ خـەڵکی ڕوون بکەنەوە کەهیچ پەرستراوێکی شیاو بە پەرستن نییە تەنها زاتی(الله)نەبێ، کەوابوو بەندایەتیش بە تەنها بۆ ئەو بکەن.

**هــــەر بۆیــــە** بــە درێــژای مێــژوو کێشەومشتومڕ و ناکۆکی وگرفتی سـەرجەم پێغەمبـەران(سـەلامی خوایـان لەسـەر بـێ) لەگـەڵ تـەواوی بـێ بـاوەڕانی قەومـەکانیان تـەنها لەسـەر (**خــواپەرستی**) و (**هاوبـەش پەرســتی**) بـووە، نـەك لەسـەر(**خــواناسی**) و(**خوانەناسی**) .

ئــەو خەڵکــەی وا بەگــژ پێغەمبەرانــدا چـوونەو دەسـەویەخەی پێغەمبـەران بـوون هــــەموویان خوایــــان بــــە خــــاوەن و پـەروەردگاری خۆیـان زانیـوە، لەچـەندەها ئایەتدا بۆمـان دەرکـەوت کـە موشـریکەکان هەموویان باوەڕیان بەوە هـەبوو، کـە تـەنها خوا پەروەردگارەو دروسـتکاری بونـەوەرەو خاوەنی هەموو شتێکە، وەلەو شتانەدا هیچ یەکێکیان نەدەکرد بە شەریك بۆ خوا.

گــەر بەڵگەشــت دەوێ ئــەم ئایەتانــە بخوێنەرەوە و بە جوانی بیری لێبکەرەوە:

﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَهُمۡ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ﴾ (الزخرف: ٨٧).

واتـە: ئـەی محمـد ﷺ ئەگـەر بپرسـی لـەم موشریکانە کە کێ دروسـتی کـردوون؟ ئـەوا لەوەلامدا دەڵێن: (الله) دروستی کردووین بە تەنها .

﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٦١﴾ (العنكبوت: ٦١).

واتــە: ئەگــەر پرســیار بکــەیت لــە موشــریکەکان: کــێ ئاسمانــەکان و زەوی دروست کـردووەو کـێ خـۆرو مـانگی ژێربـار کـردووەو بـە ڕێکـی دەخولێنـەوە؟ ئـەوا لـە وەلامدا دەڵێن: تەنها (الله) .

**بەڵام کێشەی سەرەکی و لاڕێ بوون و گومڕایی ئەوان لەوەدا بوو لە پەرستندا هاوبەشــیان بــۆ خــوا دادەنــا، واتــە هاوبەشپەرست بوون**.

هاوبەشپەرستی‌یەکەی ئەوانیش کە دووچاری گومڕایی ولاڕێ بوونی کردبوون و پێغەمبەران بۆ ڕاستکردنەوەی هاتن و بووە کێشەو مشتومڕی نێوان پێغەمبەران و بێ باوەڕان بە زۆری لەم بەشانەی پەرستن دا بووە:

## یەکەم: شەریك بۆ خوا دانان لە هاوار بۆ کردن و داوا لێ کردن:

ئەگەر ئینسان بۆ دەست کەوتنی خێروخۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی داوای کۆمەکی لەغەیری خوا بکات و پشت بە غەیری خوا ببەستێ، ئەوا ترس و ئومێدی بۆ غەیری خوا دەربڕیوە. بۆیە غەیری خودای بە (پەرستراو)ی خۆی زانیوە، بەمەش بەشێك لە عیبادەت و پەرستنی بۆ غەیری خودا دەربڕیوەو دوچاری شەریك وهاوبەش بۆ خوا دانان دێت لە عیبادەت و پەرستن دا.

﴿ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾ المؤمنون: ١١٧

واتە: هەر کەسێك لەگەڵ (الله) پەرستراوێکی تریش بپەرستێ بە شێوەیە داوای کۆمەکی لێ بکات و پشتی پێ ببەستێ کە لەڕاستیشدا هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نی‌یە لەسەر ئەو کارەی، ئەوە حیسابی لای پەروەردگار ئەوەیە کە کافرەو کافرانیش سەرکەوتوو نابن .

﴿ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾ المؤمنون: ١١٧

واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی لە غەیری خوا هاوار دەکاتە ئەوانەی کە وەڵامی هاوارەکەی نادەنەوەو بێ ئاگاشن لە هاوارو داواکەی؟ وە کاتێکیش خەڵکی کۆکرانەوە لە ڕۆژی دوایی دەبن بە دوژمنیان. وە بێ باوەڕ دەبن بەو بەندایەتی‌یەی بۆیان دەکردن و، بەو هاوارەی کە دەیان کردنێ.

## دووەم: شیرك لە نیەت و ویست و مەبەستدا:

ئینسان ئەگەر نیەت و مەبەستەکەی لەبنەڕەتەوە بۆ غەیری خوا، بەجۆرێك تەنها مەبەستی سەرەکی دەست کەوتنی غەیری ڕەزامەندی خودا بێت ئەوە شیرکەو هاوبەشپەرستی‌یە وەکو ئەوەی مەبەستی

دەست کـەوتنی دونیـاو زەعامـەت و پلـەو پایەو ڕابواردنی دونیا بێت.

وەك پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ هود: ١٥ – ١٦.

واتـە: ئـەوەی کەتـەنها ژیـانی دونیـا و جوانییەکانی مەبەستە ئەوە ئێمە لە دونیـادا داخوازیـەکانی و مەبەسـتەکانی بـۆ دابـین دەکەین، وە لەدونیا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان وەردەگــرن، بــەڵام لــەدوا ڕۆژدا هــیچ پاداشتێکیان نییەو تەنها ئاگری دۆزەخیـان بۆ هەیەو کردەوەکانی دونیاشیان پوچـەڵەو لای خوا قەبوڵ نییە، چونکە بەمەبەستی ئەو نەیان کردووە وەنیەتیان تەنها دونیا بوو.

(أنا أغنى الشركاء عن الشرك فمن عمل عملاً أشرك معي فيه غيري، تركته وشركه)[1].

واتە: من لە هەموو شەریکەکان بێ پێویست تـر و دەوڵەمەنـد تـرم؛ جـا لەبـەر ئـەوە هـەر کەسێ عبادەت و پەرستنێك بـۆ مـن بکـات و یەکێکی تریش بکاتە شەریکم تیایدا لەنیەت و مەبەستی، ئەوە مـن واز دەهێـنم لـەو کەسـە خۆیـشی و شـیرکە کەیـشی. واتـە مـن هـیچ بەشێکی کردەوەکەی لێ قـەبوڵ ناکـەم و بـە عەبدی خۆشمی دانانێم لەو کردەوانەدا!.

## سێیەم: شیرك لە گوێڕایەڵیدا:

هـەر کەسـێك گوێڕایـەڵی کەسـێك بکـات وەك گوێڕایەڵی کردنی خـواو ئیعتیقادیـشی وابێـت کـە ئەوکەسـەی گوێڕایـەڵی بـۆ دەکرێـت شایـستەی ئەوەیـە فەرمانـدەر بێـت ویاسـاو شەرع دابنێت وگوێڕایەڵی بکرێـت؛ ئـەوە ئـەو کەسـەی کـردووە بەشـەریکی خـوا لـە عیباتەتدا.

**چونکە خـوای پـەروەردگار گوێڕایـەڵی کردنـی غـەیری خـۆی و پابەنـدبوون بەدین و بەرنامەیەکی تـر جگـە لـەدین و بەرنامەکـەی خـۆی بەشـیرك و هاوبەش بۆ خوادانان ناوبردووە**.

وەکو دەفەرمووێ:–

﴿ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴾ [الأنعام: ١٢١].

(١) رواه مسلم رقم (2985)

واتە: ئەگەر گوێڕایەڵی بێ باوەڕان بن و پابەندی حەڵاڵ و حەرامی ئەوان بن، ئەوا ئێوەش وەكو ئەوان دەبن بە موشریك .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ كَٰفِرِينَ ﴾(آل عمران: ١٠٠).

واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوێڕایەڵی كۆمەڵێك لەگاورو جولەكە بكەن لەحەڵاڵ و حەرامدا ئەوا لەدین و ئیمان پاشگەزتان دەكەنەوە و كافر دەبن .

**لەوەوە دەردەكەوێت:**

كە غەیری خوا بە فەرمانڕەوا زانین و ئیعتقاد بوون بەوەی كە غەیری خوا بۆی هەیە سەرچاوەی فەرمان ونەهی و شەریعەت وبەرنامەو یاسادانان بێ، یان شتێك كەخوا حەڵاڵی كردبێ، ئەو بەحەرامی دابنێ یان بەپێچەوانەوە، ئەوا شەریك و هاوبەشی بۆ خوا داناوە .

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾ [التوبة: ٣١].

واتە: جولەكەو گاورەكان زاناو پیاو چاكەكانی خۆیانیان كردبوو بە خوا لەغەیری خوا، چونكە كردبوویانیان بە فەرمانڕەواو بەپێچەوانەی شەرعی خوا حەڵاڵ وحەرامیان لێ وەردەگرتن، وە (عسی)ی كوڕی (مریم)یشیان ﷺ كردبوو بە خوایەكی تر لە غەیری خوا، چونكە كردبوویان بە فریادگوزاری خۆیان، لە كاتێكدا داوایان لێ كرابوو كە پەرستن و بەندایەتی تەنها بۆ یەك پەرستراو بكەن كە (الله)یە، چونكە غەیری ئەو هیچ فریادگوزاریكی ڕەواو فەرمانڕەویەكی حەق نییە، وە ئەو خودایە زۆر لەوە بەرزوو پاكترو پیرۆزترە كە شەریك و هاوبەشی بۆ دابنرێ لەفریادگوزاری و فەرمانڕەواییدا.

(عدي) كوڕی (حاتم) پێش ئەوەی موسڵمان بێ گاووربوو، كەگوێی لە پێغەمبەر ﷺ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە، پێی سەیربوو كە چۆن زاناو پیاو چاكان دەكرێن بەخواو دەپەرسترێن، بۆیە وتی:

(إنَّا لَسنَا نَعبُدهم) وتی: ئێمە عیبادەتمان بۆ زاناو پیاو چاكەكانی خۆمان نەكردووە تاوەكو بیانكەین بەخوا و بیان پەرستین.

پێغەمبەر ﷺفەرمووی:

**(أَلَيسَ يُحَرِّمُونَ مَاأَحَلَ الله فَتُحَرِّمونَهُ، ويحلون ماحرم الله فتحلون؟ قال، فقلت: بلى، قــال ((فتلك عبادهم)))**[1].

واته: ئايا ئەوان ئەوەی خوا حەلاڵی كردووە حەرامی ناكەن و ئێوەش شوێنیان ناكەون و بەقسەیان ناكەن و بەحەرامی نازانن؟ وە یان ئەوەی خوا حەرامی كردووە ئەوان حەلاڵی ناكەن و ئێوەش بەقسەیان ناكەن و حەلاڵی ناكەن؟)) ووتی: بەڵێ.
پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئا ئەوە عیبادەت كردن و بەندایەتی كردنی ئەوانە.

## چوارەم: شەریك بۆ خوا دانان لە خۆشەوستندا:

ئەو خۆشەویستی‌یەیە كە ئەوپەڕی بە گەورە دانان وملكەچی لەگەڵدایە بۆ خۆشەویستراوەكە جا هەركات ئینسان خۆشەویستی وملكەچی بۆ غەیری خودا دەربڕی، ئەوا ناچار دەبێ كە گوێڕایەڵی خۆشەویستەكەی بێ وئەوەی ئەو بەباشی دابنێ دەبێ جێبەجێی بكات و ئەوەی ئەو بە خراپی دابنێ دەبێ وازی لێ بهێنێ .

وە لە ناو خەڵكیدا ئەم جۆرە شیركە هەیە وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾

[البقرة: ١٦٥] .

واتە: لەناو خەڵكیدا هەیە كە وێنەو هاوشێوەو شەریكی بۆ خوا داناوە لەوەدا كەخۆشی دەوێت وەك خۆشویستنی خوا، واتە: وەك ئەو خۆشویستنەی بۆ خوا هەیە كە بەگەورە دانان وزەلیلی لەگەڵدایە. بەڵام بڕواداران خۆشویستنەكەیان بۆ خوا زیاترە لە خۆشویستنی موشریكان بۆ خۆشەویستەكانیان وئیعتیقاد پێ بووەكانیان.

## سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك أتوب إليك

(١) رواه الترمذي، والبيهقي في الكبرى ١١٦/١٠، وحسنه الالباني في (غاية المرام).